# حوکمی یاری کیک بۆکسێن

< کوردي >

دەستەی بەشی زمانی کوردی ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

# حكم ممارسة لعبه الملاكمة

< كردي >

فريق اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عەزيز

# حوكمی یاری كیك بۆكسێن

ئه‌م پرسیاره‌ ئاڕاسته‌ی ماڵپه‌ڕی ئیسلام هاوس كراوه‌ :

**پرسیار :** به‌رێزان من ناوم له‌یه‌كێك له‌ یانه‌ وه‌رزشیه‌كان تۆمار كردووه‌ بۆ یاری كیك بۆكسێن، ئایا حوكمی شه‌رع چیه‌ له‌ باره‌ی ئه‌م یاره‌یه‌وه‌ ؟

**وه‌ڵام :** سوپاس وستایش بۆ خوای گه‌وره‌ ومیهره‌بان ودروود وصه‌ڵات وسه‌لام له‌سه‌ر پێشه‌وای مرۆڤایه‌تی محمدی پێغه‌مبه‌ری ئیسلام و ئال وبه‌یت و هاوه‌ڵ وشوێنكه‌وتوانی هه‌تا هه‌تایه‌ .

گومانی تێدا نییه‌ یاری كیك بۆكسێن له‌و جۆره‌ یاری و وه‌رزشانه‌یه‌ كه‌ له‌سه‌ر زبری و خشونه‌ت ڕاوه‌ستاوه‌، ولێدان له‌ ڕوومه‌ت و ڕوخساری تێدایه‌، وزۆر بێ به‌زه‌ییانه‌ هه‌ردوولایه‌نی ڕكابه‌ر هه‌وڵ ده‌دات لێدانی یه‌كلایكه‌ر ( الضربة القاضية ) له‌ به‌رامبه‌ره‌كه‌ی بوه‌شێنێت و بیخاته‌ سه‌ر زه‌وی، وزۆر جاریش له‌ گۆڕه‌پانی ئه‌و وه‌رزشه‌دا یاریزانه‌كان مردوون، یان تووشی پێكانیكی ترسناك و شه‌له‌لی هه‌میشه‌یی بوونه‌ته‌وه‌، بۆیه‌ له‌به‌ر ئه‌م هۆكارانه‌ موماره‌سه‌كردنی ئه‌م جۆره‌ له‌ وه‌رزش له‌ڕووی شه‌رعه‌وه‌ دروست نیه‌، چونكه‌ وه‌ك ئاماژه‌مان پێدا له‌سه‌ره‌تاوه‌ ڕوومه‌ت و ڕوخساری كه‌سه‌كان به‌ توندی ڕووبه‌ڕووی لێدانی بێ به‌زه‌ییانه‌ ده‌بێته‌وه‌، ودووباره‌ كردنه‌وه‌ی لێدانیش له‌ سه‌ر و ڕوومه‌ت كه‌سی به‌رامبه‌ر دووچاری خوێن به‌ر بوون ده‌كات، و به‌ تێپه‌ڕ بوونی كاتیش زیانه‌كانی زیاتر ده‌بن له‌سه‌ر مۆخ و كۆ ده‌ماری سه‌ری مرۆڤ، وه‌ پێغه‌مبه‌ری خوداش ( صلى الله عليه وسلم ) فه‌رموویه‌تی : « إذا قاتل أحدكم فليتقه الوجه » [ رواه البخاري ] واتا : ئه‌گه‌ر هه‌ركه‌سێكیتان شه‌ڕی كرد به‌ ده‌ست پارێزی له‌ ڕوومه‌ت و ڕوخسار بكات، هه‌روه‌ها فه‌رمووده‌یه‌كی گشتگیری تریشمان هه‌یه‌ كه‌ پێشه‌وامان موحه‌مه‌د ( صلى الله عليه وسلم ) فه‌رموویه‌تی : « لا ضرر ولا ضرار » واتا : مرۆڤ نابێت زیان به‌خۆی یان به‌ غه‌یری خۆی بگه‌یه‌نێت، دیاره‌ ئه‌م یاری كیك بۆكسێن یشه‌ مرۆڤ به‌ به‌شداری كردن تێیدا هه‌م زیان به‌خۆی ده‌گه‌یه‌نیت و هه‌م به‌ غه‌یری خۆیشی .

هەر بۆیە لەسەر ئاستی جیهانیش لێرەو لەوێ کۆمەڵێك لە پزیشك و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ چەند جارێك داوایان لە وولاتان کردووە کە ئەم جۆرە یاریانە لەسەر ئاستی یاری و وەرزشە جیهانی و ئۆلۆمپییەکان قەدەغە بکەن، چونکە زیانی زۆر زۆرە بۆ سەر لاشە و جەستەی یاریزانەکان و توند وتیژیش لەسەر ئاستی پەروەردەی تاکەکانی کۆمەڵگە بەرهەم دەهێنێت، لەبەر ئەم هۆکارانە ئێمە ئەم جۆرە وەرزشە بە جائز ودروست نازانین ...

خوای گەورەش زاناترە ...